

## نادین سەعب:

# شانازی بەوە دەکەم کە بە گۆرانیی میللی ناسراوم

**هونەرمەندی لوبنانی (نادین سەعب) دەرچووی بەرنامەی «ستودیو الفن»ـە و لە ساڵی ١٩٩٦ کە ئەو کات تەمەنی ١٧ ساڵ بوو، توانی لە بواری گۆرانیی میللیدا میدالیای زێڕ بەدەست بهێنێت، هەروەها خەڵاتێکی تایبەتی لە لاساییکردنەوەی دەنگی (ئوم کەلسووم)ی بەدەستهێناوە. لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد، کە بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.**

دیمانە/ خەلیل بلەیی

*** بەر لەوەی روو لە «ستودیو الفن» بکەی، کێ توانا هونەرییەکانی تۆی دۆزییەوە؟**

- لە خانەوادەکەماندا هونەرمەندی دیکە هەبوون، لەوانە مامێکم کە ژەنیارێکی پیشەگەری عودە و خاوەن دەنگێکی خۆشە، هەر ئەویش بوو کە پێی گوتم دەنگت خۆشە، زۆریش هانیدام و هاوکاری کردم.

*** وەك دەزانین لەگەڵ چەندین هونەرمەندی گەورە کارت کردووە، لەگەڵ کامیان زیاتر حەزت کردووە کار بکەیت و کێ هاوکاری کردووی؟**

- سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە کارم لەگەڵیان کردووە، هیچ جیاوازییەکیان نییە لای من، بەڵام جگە لە موزیسیانی گەورەی کۆچکردوو (مولحیم بەرەکات) هیچیان یارمەتییان نەداوم، لێرەوە سڵاو و درود بۆ گیانی دەنێرم و زۆر سوپاسی دەکەم بۆ ئەو هاوکاری و یارمەتییەی کە پێشکەشی کردم.

*** لە بواری گۆرانی میللیدا میدالیای زێڕت بەدەستهێنا، ئایا تا ئێستاش لەسەر گۆرانیی میللی بەردەوامی؟**

- بێگومان بە شانازییەوە بەردەوامم، ئەمە شێوازی تایبەتیی منە کە پێی ناسراوم، دایك و باوکیشم دەنگیان خۆش بووە، بەتایبەتی لە گۆرانی (گربی) و میللی و کاریگەرییان لە سەر منیش هەبووە بۆ ئەوەی گرنگی بەو بوارە بدەم، بەڵام سوپاس بۆ خوا و بە هۆی ئەو شارەزاییەی لە چەند ساڵی رابردوودا پەیدام کردووە، لە ئێستادا توانام هەیە بە هەموو شێوازەکان گۆرانی بڵێم، بۆیە زۆربەی ئەستێرە لاوەکان حەز ناکەن لە ئاهەنگ و فیستیڤاڵەکانمدا بەشداری بکەن.

*** خەون بەوەوە دەبینیت ببیت بە ئەستێرەی یەکەم؟**

- ئەستێرەبوون خەونێك بوو، ئێستاش بۆتە بەرپرسیاریەتێکی گەورە، منیش خۆم لە ئاست ئەو بەرپرسیاریەتییەدا دەبینم.

*** تاچەند گرنگی بە سۆشیال میدیا دەدەیت و کام لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە تۆوە نزیکترن؟**

- من عاشقی سۆشیال میدیام و زۆریش چالاکم لەو بوارەدا، گرنگییەکی زۆریش بە ئەنستاگرام و فەیسبووك دەدەم و لەو رێگایەوە لەگەڵ هەوادارانمدا لە پەیوەندیی بەردەوامدام.

*** لە جیاتی خۆشەویستی و رکابەریتی راستەقینە، دەبینین لە نێوان هونەرمەندان رق و کینە هەیە، هۆکاری ئەمە چییە؟**

- تەنیا دەتوانم ئەوە بڵێم کە من دوورم لە هەموو جۆرە رق و کینەیەك بەرامبەر بە هونەرمەندان و هیچ گرفتێکم لەگەڵ کەسیان نییە، سەبارەت بە رکابەریتی، ئەمەش واقیعە و کەس ناتوانێت خۆی لێ بدزێتەوە، سەرەڕای ئەمەش من رکابەریتی کەس ناکەم، تەنیا خۆم نەبێت، بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین کە دۆستایەتی راستەقینە لە نێو هونەرمەنداندا نییە، تەنیا ژمارەیەکی کەم نەبێت.

*** رات چییە بەرامبەر بەو هونەرەی لە ئێستادا پێشکەش دەکرێت، لە هەمان کاتدا رەخنەی زۆریشی لێدەگیرێت؟**

- من دژی هونەر نیم، بەتایبەتی ئەگەر گۆرانییەکان ئاوازێکی خێرایان هەبێت، هەروەها پێویستە تێکستی گۆرانییەکانیش لە ئاستێکی بەرزدا بن، بەداخەوە لە ئێستادا دەبینین کە زۆربەی تێکستەکان ئاستیان لاوازە، بەڵام ئاوازەکان لە ئاستێکی بەرزدان.

*** ئێستا ژمارەیەکی زۆری ئافرەتان بە ناوی هونەرەوە پەیدا بوون، کە گۆرانییەکانیان لە ئاستێکی زۆر لاوازدایە و دەنگیشیان خۆش نییە، بەرامبەر بەو دیاردەیە رات چییە؟**

- زۆر راستە ئەمە بۆتە دیاردە، رێزم هەیە بۆ ئەوانەی کە هونەرێکی راستەقینە پێشکەش دەکەن، بێگومان ئەوانەی ئاستیشیان نزمە لە ئێمە باشتر درك بەوە دەکەن کە ئاستی بەرهەمەکانیان زۆر لاوازە، بەداخەوە لێرەو لەوێ لە رووی ماددییەوە پاڵپشتی دەکرێن و بەشێکیان تەنیا پشت بە شێوە و روخساری خۆیان دەبەستن، بەڵام هونەر تەنیا روخساری جوان و شێوە نییە، پێویستە هونەرمەند شێوەیەکی گونجاو و دەنگێکی خۆش و ئەدایەکی جوانیشی هەبێت، ئەوەیشی بیەوێ تەنیا پشت بە روخساری ببەستێت، وا باشترە روو لە نواندن، یان نمایشی جلوبەرگ بکات.

*** وەك ئەوەی خۆت دەرچووی (ستودیو الفن)ی، ئایا ئەو جۆرە بەرنامانە کاریگەرییان لەسەر پێشخستنی هونەر هەیە؟**

- بەر لە چەند ساڵێك کاریگەرییان هەبوو، بەڵام لە ئێستادا وانییە، لەگەڵ رێزم بەرنامە نوێیەکان بە هیچ شێوەیەك لەسەر رێچکەی بەرنامەی (ستودیو الفن) نارۆن، بەتایبەتی لیژنەی ناوبژیوانی.

*** نازناوی (خاوەن دەنگی ماسی)یت هەڵگرتووە، کێ ئەو نازناوەی پێ بەخشیویت و بۆ تۆ چ مانایەکی هەیە؟**

- ئەمە نازناوێکی گەورەیە و شانازیی پێوە دەکەم، سەندیکای موزیسیانانی مەغریب ئەو نازناوەیان پێ بەخشیم، ئەمەش وەك ئەمانەتێك تا دوایین رۆژی تەمەنم لای من دەمێنێتەوە.





بلقیس:

# کورەکەم زۆر شتی نوێی فێرکردم

دوای ئەوەی بووە دایكی كوڕێك، خانمە گۆرانیبێژی یەمەنی بەلقیس فەتحی رایگەیاند: «دایكایەتی كارێكی ئاسان نییە و زۆریش سەختە»، لە هەمان كاتدا جەختی لەوە كردەوە كە بۆ ئافرەت دایكایەتی خۆشترین هەست لە دنیا دروست دەكات.

هەر لەو بارەیەوە بەلقیس وتی: توركیی كوڕم سەرتاپای ژیانی گۆڕیم و ناچاری كردم كە جارێكی دیكە ژیانی خۆم رێك بخەمەوە، چونكە پابەندبوون بە ئەركەكانی دایكایەتی و ماڵەوە، كاریگەرییەكی زۆری لەسەر چالاكییە هونەرییەكانم هەیە، بەڵام دایكایەتی نەبۆتە ئاستەنگێك لەبەردەمم، چونكە من ئێستاش بەردەوامم لە كاری هونەری و وەك جاران كار و چالاكی هونەری ئەنجام دەدەم.

بەلقیس سەبارەت بە گۆڕانكارییەكانی ژیانی وتی: ئێستا ئەولەوییاتی ژیانم گۆڕاوە، چونكە دوای ئەوەی بووم بە دایك گرنگییەكی زیاتر بە خێزانەكەم دەدەم، بێگومان ئەمەش لەسەر حیسابی هەندێك كاری دیكەیە كە لە ئێستادا وەك دایكایەتی بۆ من گرنگ نییە، ئەویش لەبەر ئەوەی كە دایكایەتی فێرە ئارامگرتنی كردم و وایكرد، كە ببم بە مرۆڤێك پڕ لە هەست و كوڕەكەشم بەهرە شاراوەكانی دەربكەوێت، وەك لاساییكردنەوەی شانۆگەرییەكانی منداڵان كە شەوانە بۆی دەڵێم، بۆیە دەڵێم دایكایەتی ئەركێكی سەختە و لە هەمان كاتدا چێژێكی تایبەتیشی هەیە.


بەلقیس ئەوەشی ئاشكرا كرد، كە بۆ پەروەردە كردنی كوڕەكەی پشت بە دایكی و یاریدەدەرەكان نابەستێت، چونكە دایكی لە ئیماراتە و ئەویش لە سعودیە دەژی، هەروەها زۆر جار راوێژ بە خوشكەكانی دەكات، هاوكات بۆ پەوەردەكردنی كوڕەكەی زیاتر ئەو كتێبانە دەخوێنێتەوە كە تایبەتن بە چۆنێتی پەروەردەكردنی منداڵان.

## رۆز-ی راستەقینە ب

فیلمی تایتانیك كە لە ساڵی ١٩٩٧ نمایش كرا، فیلمێكی درامیی رۆمانسی بوو، لە هەمان كاتدا یەكێك بوو لەو فیلمانەی كە زۆرترین پارەی تێدا خەرج كرا، ئەو فیلمە جەماوەرێكی زۆری هەبوو و بەناوبانگترین فیلمی مێژووە كە سیناریۆكەی لە رووداوێكی راستەقینە وەرگیراوە، مێژووی روداوەكە بۆ ساڵی١٩١٢ دەگەڕێتەوە.

ئەم فیلمە باس لە چیرۆكی یەكەم و دوایین گەشتی كەشتی تایتانیك لە ئاوی زەریای ئەتڵسی و نوقمبوونی دەكات، كە بە گەورەترین كەشتی لەسەر ئاستی جیهان بەر لە سەدەیەك دادەنرا. نمایشكردنی ئەم فیلمە یەكەمجار لەسەر ئاستی جیهان مشتومڕێكی زۆری نایەوە، لە هەمان كاتدا بووە خاوەنی دووەم زۆرترین داهات لە مێژووی جیهاندا كە گەیشتە نزیكەی دوو ملیار دۆلار، ئەم فیلمە لە پاڵەوانیەتی لیۆناردۆ دیكاپریۆ و كیت وینسلت و دەرهێنانی جیمس كامیرۆنە، بڵاوكردنەوەی ئەم وێنانە وایكردووە كە بەشێكی زۆری هەوادارانی فیلمی تایتانیك جارێكی دیكە لە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان سەیری فیلمەكە بكەنەوە، هەروەها وێنەكانی رۆز-ی فیلمەكە كە (كیت وینسلت)ـە لەگەڵ رۆز-ی راستەقینە بڵاوبكەونەوە و بەراوردی نێوانیان بكەن لە زۆر رووەوە.

كیت وینسلت رۆڵی رۆز پۆكاترۆی بینی كە كەسایەتییەكی راستەقینەیە و لە زۆر میدیای جیهانیدا باسی لێكراوە و وێنە راستەقینەكانی خۆی و



# بیرین بە ئاشکرا جیابۆوە

ماوەیەك بەر لە ئێستا دەنگۆی جیابوونەوەی خانمە ئەکتەری تورکی (بیرین سات) و هاوسەرەکەی ئەستێرەی پۆپ (کینان دۆغلۆ) لە زۆربەی میدیاکانی تورکیادا بڵاو بۆوە، بێ ئەوەی پشتڕاست بکرێتەوە، بەڵام بەم دواییە ئەم هەواڵانە بوونە راستی، تەنانەت کاتی جیابوونەوەکەشیان راگەیەندرا.

ماوەیەکی زۆر بوو بیرین هەواڵی ناکۆکییەکانی خۆی و هاوسەرەکەی بە نهێنی هێشتبووەوە و هیچ لێدوانێکی لەو بارەوە نەدەدا، بەڵام چەندین رۆژنامە و ماڵپەڕی تورکی رایانگەیاند کە بیرین لە دادگا بە فەرمی داوای جیابوونەوەی لە هاوسەرەکەی کردووە.

چەند هاورێیەکی نزیك و ئەندامانی خێزانی هەردوولا هەوڵی ناوبژییان دا و ویستیان ناکۆکییەکانی چارەسەر بکەن، بەڵام بیرین مکوڕ بوو لەسەر داواکەی و رۆژی ٢٠١٩/٣/٢٨ دیاریکرا بۆ باس کردنی داواکەی لە دادگا. پەیوەندیی خۆشەویستی بیرین و کینان بۆ سەرەتاکانی ساڵی ٢٠١٢ دەگەڕێتەوە و ساڵی ٢٠١٤ بە فەرمی هاوسەرگیرییان کرد و ئاهەنگێکی گەورەشیان لە شاری لۆس ئەنجلۆسی ئەمریکی ساز کرد، بەڵام بەم دواییە هەندێك ناکۆکی لە نێوانیاندا درووست بوو، بێ ئەوەی هۆکارەکەی ئاشکرا بکرێت، بە جیابوونەوەیان کۆتایی هات، لە لایەکی دیکەوە و دوای دوورکەوتنەوە لە تەلەفزیۆن بۆ ماوەیەکی زۆر، لە ئێستادا بیرین خۆی بۆ بەشداریکردن لە زنجیرە درامایەکی گەورە ئامادە دەکات، کە لە بەرهەمهێنانی کۆمپانیای «Netflix»ی جیهانییە و پێشبینی دەکرێت هەر یەك لە هونەرمەندان (محەمەد جۆنسۆر، ملیسا شنۆلسۆن، بەلجیم بیجلین) بەشداری تێدا بکەن.

## ـــــەر لە سەدەیەک




هاوسەرەکەیان بڵاو کردەوە، دوای بڵاوبوونەوەی فیلمەکە چەندین خەڵاتی جیهانی بەدەستهێنا و لەو رۆژەوە لیوناردۆ دیکاپریۆ و کیت وینسلت وەك دوو ئەستێرەی جیهانی ناوبانگیان دەرکرد و گەیشتنە لوتکە، هەروەها گۆرانیی فیلمەکەش ناوبانگێکی زۆری دەرکرد و هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ سەرکەوتنی فیلمەکە.

جیمس کامیرۆن-ی دەرهێنەر لە ساڵی ١٩٩٥ دەستی بە دەرهێنانی فیلمەکە کرد، سەرەتا بە وێنەگرتنی پاشماوەی راستەقینەی کەشتی تایتانیك دەستیپێکرد و چەند نموونەیەکی بچووکی کەشتییەکەی دروستکرد، پاشان لە کەنارەکانی رۆساریتۆ لە کالیفۆرنیا دەستی بە وێنەگرتنی فیلمەکە کرد، کە بە وەرچەرخانێك دادەنرێت لە مێژووی سینەمادا.

# پیشانگای مامۆستایانی هونەر

لە رووی ژمارەوە بەشدارانی پیشانگاکە زۆر بوون، لە رووی ئاستی هونەری و کوالێتیی بەرهەم و تابلۆکانیشەوە، لە پاڵ هەندێك بەرهەمی ئاست و کوالێتی مامناوەند، ئێمە بەرهەمی بەرز و داهێنانی جوانمان بەدی کرد. لە هەر پیشانگایەکی هاوبەشدا ئەم شتە چاوەڕوان کراوە، لە پاڵ ئەوەشدا چاکتر وا بوو، ئەگەر (لیژنەی رێکخستنی پیشانگاکە) جەخت بکاتە سەر ئەوەی کە مامۆستایان بە بەرهەمی تازەی خۆیان، نەك هی سالآنی رابردوو، بەشداری بکەن. خۆ ئەگەر پێوانە و مەرجیش بۆ بەشداریکردن دیاری بکرێت، پێمان وایە پیشانگاکە لە ئاستێکی چاکتردا دەبێت. بۆ جۆشدانی گیانی کێبڕکێ و داهێنانیش، بۆ ئەوەی خەڵات بە بەرهەمی نایاب و براوە بدرێت، دەکرێ لیژنەیەك بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکان دابندرێت، رێزنامەش بە تێکڕای بەشدارانی پیشانگاکە بدرێت. ئەم پیشانگایە هەنگاوێکی لەبار بوو بۆ پیشاندانی توانای مامۆستایان لە بواری هونەری شێوەکاری (نیگار، پەیکەر و سیرامیك)، وەك دەردەکەوێت دەرچووانی کۆلیژ و پەیمانگاکانی هونەری جوان، ئەمڕۆ لە نێو دەزگاکانی وەزارەتی پەروەردەدا جێی شایستەی خۆیان هەیە و توانایەکی زۆری هونەری لە نێو مامۆستایانی وەزارەتدا هەیە.

رەنگە بە هۆی ئەوەی مامۆستایان لە دامەزراوەیەکی پەروەردە (قوتابخانە)دا کار دەکەن، بەشێکی بەرچاو لە تابلۆکانی پیشانگاکە لە بارەی سروشت و ستیلاف (بێگیان)ـەوە بووبن، ئەمە وێڕای ئەوەی بابەتی هەمەجۆری مۆدێل و بابەتی کەلەپووری کوردەواری و هونەری مۆدێرنیش لەپیشانگاکەدا بەدی دەکرا، لەگەڵ ژمارەیەك بەرهەمی پەیکەر و سیرامیك. لە پیشانگاکەدا تابلۆی سەرنجراکێش دەکەوتە بەر دیدە و نیگای بینەران، مامۆستایان ستاتیکای وڵاتی شاخاویی خۆیان بە زمانی رەنگ و فۆرم چنیوەتەوە. لەم وڵاتەدا، هەر چۆنێك مرۆڤی





**سەرەتای مانگی ئاداری ئەمساڵ (٢٠١٩) لە هۆڵی میدیا لە ناوەندی شاری هەولێر، (پیشانگای شێوەکاریی مامۆستایانی پەروەردەی پارێزگاکان) لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان کرایەوە. لەو پیشانگایەدا مامۆستایانی هەولێر، سلێمانی، دهۆك، کەرکووك، هەڵەبجە و گەرمیان بەشدار بوون.**

**تاریق کارێزی**

کوردستانی چاو بکاتەوە، چیا و سروشتی رازاوەی وەرزەکانی ساڵ خۆی دەنوێنێ، جگە لەوەی کێشانی نیگاری سروشت لە رووی رەنگ و فۆرم و فیگەر و پێکهاتە و دارشتنەوە، فرەیی دەوڵەمەندییەکی زۆر دەخاتە بەر دەست، بوارێکی زۆر بۆ سەلیقەی جوانخوازانەی مرۆڤیش دەرەخسێنێ، کە هونەر ئارایی و نیگار بکات، جگە لەوەی سروشت بۆ خۆی ئامێز و ژینگەی مرۆڤە، هەر چۆنێکی هونەرمەند چاو هەڵبرێت، جوانی و دەوڵەمەندیی سروشت بە رەنگ و فیگەرییەوە، خۆی دەنوێنێ. وەك نەریتێکی ئەکادیمی و فێرکارانەی هونەری نیگار، هەردەم ستیلاف (بێگیان) نموونەیەکی ئامادە و بەردەستە بۆ مەشق و خۆ تاقی کردنەوە، هەر بۆیە دەبینین سروشت و ستیلاف لە (پیشانگای شێوەکاریی مامۆستایانی پەروەردەی پارێزگاکان) دا، بە سەر بابەتەکانی دیکەدا زاڵن.
سەرنجێك کە لێرەدا جێی خۆیەتی بیخەینەڕوو، ئەوەیە کە تا ئێستا لە قوتابخانەکانی کوردستاندا پرۆگرام بۆ وانەی هونەر نییە، ئەمەش بۆشاییەکی گەورەیە، چونکە هونەر لە ژیانی مرۆڤدا نەخشێکی کارا و ئامادە بوونێکی هەمیشەیی هەیە و ناتکرێت لە پرۆگرامی پەروەردە و خوێندندا بەم جۆرە پەراوێز بخرێت. رەنگە لە جێی خۆیدا بێت، ئەگەر وەزارەتی بەرێزی پەروەردە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەم دوو سەرنجەمان لێ قبووڵ بفەرمووێت:
یەك: بۆ وانەی هونەر، پرۆگرامێکی خوێندن وەك هەر وانەیەکی دیکە دابندرێت.
دوو: پێویستە وانەی هونەر تەنیا لە هونەری نیگاردا قەتیس نەکرێت، بەڵکوو پرۆگرامی پەروەردەی هونەر بە پێی قوتاغەکانی خوێندنی (بنەڕەت و ئامادەیی)، تێکڕای هونەرەکان (مووزیك، نیگار، پەیکەر، سیرامیك، شانۆ، تەلارسازی، سینەما) بگرێتەوە.



